## پرسەی دابڕان

*لە ڕۆژەوی تۆم ناسیوە
هەرچوار وەرزی من خەزانە
ئێستاش نەمدی ساتێ خۆشی
هەردەم بە شم خەم و ژەنە*

. . ..

*من پێم وابوو ناسینی تۆ
لەم گێژاوە دەرم دێنێ
نەم دەزانی ئیزرائیلە و
ڕۆح لە جەستەم دەرئەهێنێ*

. . ..

*تاژوانێکت بۆ بە ستم
سەد بیانووت ئە هێناوە
کە ڕۆیشتی بە یەکجاری
چرای ژینم لێ کوژاوە*

. . .

*ئێستا بۆ خۆت بە ئاسوودە
چاو دەگێڕی بە ژیانا
منیش بە شم شین و گریان
لە گەڵ پرسەی دابڕانا*

## منی شاعیر

*وام دەزانی ناسینی تۆ
شادی دێنی بۆ ژیانم
فرمێسک چاوم بە جێ دێڵێ
خەندە دێتە سەر لێوانم*

# # #

*منی شاعیرێکی دڵپاک
بە دڵ و گیان خۆشم ویستی
هەر گوڵێکم بۆنکردایە
ناوی تۆم لە سەر ئەنووسی*

# # #

*بە قەد دونیا بە قەد چاوم
عه شقی تۆ پیرۆز بوو لە لام
بە ڵام تۆ بووی بە دووپشک و
بێرەحمانە پێتەوە دام*

# # #

*هەرچی خەم و ئازار هەیە
کردت بە میوانی دڵم
تاکوو ئێستاش دڵم نایە
بڵێم بێ وەفا بووی گوڵم*

## لێم ببورە نیشتیمانم

**لێم ببورە یەکەم جارە دەدرکێنم وشەی سەفەر
سبەی ئەم شارە جێدێڵم خۆم دەدەمە دەستی قەدەر
من لەمە زیاتر ناتوانم ئۆقرام بڕا بەیەکجاری
بەشارێکدا چاو بگێرم هەمووی پڕبێ لە یادگاری
ئەی دابڕان بە نەفرەت بێ تۆ چەندە بە ئازارو شۆی**

والە کەسی عاشق دەکەی هەڵبی لە نیشتمانی خۆی
لێم ببورە نیشتیمانم هەرچەندە بۆ من وەک بەهەشتی
بەڵام چیبکەم با تۆش ببی بە قوربانی خۆشەویستی
بە ناچاری سەفەر دەکەم ئەی بینایی چاوەکانم
دڵنیابە بۆ باوەشت هەر دێمەوە نیشتمنانم

عمران خمبار omran@xember.com

## ماڵێک لە عەشق

دەمەوێ ماڵێک دروست کەم
پربێ لە سروشت و جوانی
هەر وێنەی تۆ هەڵەواشم
بۆدیکۆرو نەخشەکانی

لە پەنجەرەی ژورەکەمدا
گوڵیش دانانێم بۆ چوانی
تۆ خۆت یەک پارچە هەر گوڵی
پەرچەمیش گەڵا کانی

خۆ سورەیاش هەڵناواسم
بۆرۆناکی ژورێکی سارد
هەر تۆش دەکەم بە هاوسەرم
ئەگەر تەمەن مەودام بدات

## خۆزگە

خۆزگە من شانەیەک دەبوم
بۆ هاورێیەتی پەرچەمت
دڵیشم وەکوو ئاوێنە
هەڵواسیایە لە بەردە مت

تاپێت بڵێم خۆشم ئەوێ
تۆش باوەرم پێ بهێنە
ئارەزوت بوو بمکە بە مۆم
هەموو شەوێ بم سوتێنە

بمکە بە گوڵی سەر سنگت
ئەگەر سیس بووم بم ژاکێنە
بەڵام توخوا تکا دەکەم
بە دابڕان مەم ناسێنە

عمران خمبار
omran@xember.com

## *جێژوان*

*یەکەم نیگاو یەکەم دیدار*
*چێژی زۆریان بە من بەخشی*
*بروام نەبوو رۆژێ دادێ*
*پێکی مەرگم پێ بنۆشی*

## ڕئیبازی عەشق

خۆزگە ببم بە دڵۆپێ
لەو بارانە کە دەبارێ
تابتکێیمە سەر ڕومەتت
بە گۆناتا بێمە خوارێ

تاکوو لەسەر گۆناکانت
بکێشم لەسەر لە ماچ
ئەرکات لەسەر لەپی دەستت
ئامادەم ڕۆح بدەم لە خاچ

لە شیلاوی لێوەکانت
من دەست نویژی عەشق دەشۆم
ئیتر بشمرم دئنێام
شەهیدی ڕێگای عەشقی تۆم

عمران خمبار

من نەمزانی بەدەستی خۆت
خونچەی ساوام ئەژاکێنی
کۆرپەی دڵم لە باوەشی
دابڕانا ئەخنکێنی

تازە پەنجەی شێت و ماندوم
گەیشتبوو بە پەرچەمت
لێویشم زۆری نەمابوو
نزیک بێتەوە لە دەمت

بەڵام وەکوو بەڵندەیەک
هەڵفریت لە باخی دڵم
لەو ڕۆژەوە تاکککوو ێیستا
ئاواتە خوازی ژێر گڵم

عمران خمبار
omran@xember.com

## پرسەی دابڕان

لە و ڕۆژەوی تۆم ناسیوە
هەر چوار وەرزی من خەزانە
ئێستاش نەمدی ساتێ خۆشی
هەردەم بەشم خەم و ژانە

. . ..

من پێم وابوو ناسینی تۆ
لەم گێژاوە دەرم دێنێ
نەم دەزانی ئیزراێلە و
ڕۆح لە جەستەم دەریەهێنێ

. . ..

تا ژوانێکت بۆ بە ستم
سە د بیانووت ئە هێناوە
کە ڕۆیشتی بە یەکجاری
چرای ژینم لێ کوژاوە

. . ..
ئیستا بۆ خۆت به ئاسووده
چاوده‌گێری به ژیانا
منیش بەشم شین و گریان
له گەڵ پرسەی دابڕانا

عمران خمبار

## سەری ساڵ

ئەوه جەژنی سەری ساڵه
منیش هێشتا هەر خامۆشم
له هاوبەشی شادی یاران
ساڵانێکه فەرامۆشم

. . ..
تاکوو ئێستا له ژیانا
جه ژنێک نەبوو بڵێم ئۆخه ی
من نازانم ئەی خودایه
پرسه گێڕانی من تا کەی

. . ..
ئەی ئەو که س خۆشم ئەوێی
ئەی خاوەنی هەموو گیانم
ئەوا دیسان سەری ساڵه و
منیش هێشتا چاوەڕوانم

. . ..
نوقڵ و شیرینیم بۆ چیه
بۆ من وەکو ژه هر تاڵه
خۆت وەرەوه با به شادی
به سەر بەین ئەم سەری ساڵه

عمران خمبار

## مەرگ

لەگەڵ مەرگا بە شەڕ هاتووم
وابۆی دەچێ دوادوایم بێ
ڕەنگە ئەم شعرەی بەردەستم
وەسێت نامەی یەکجاریم بێ
# # #
نەشادی ما نەپێکنین
لێوم بەبێ ناز کە وتووە
چاویشم لە کوێر بو ندایە
هێندە فرمێسکم ڕشتووە
# # #
لەم جیهانە بەرینەدا
تروسکایی بەدی ناکەم
گەروا بروا خەم دەمکوژێ
ئەم شەوتا سبەی هەڵ ناکەم
# # #
کەسێک نیە گوێم لێ بگرێ
لەم کۆمەڵگا سەدەر ناکەم
غەیری ئەوەی خۆشم ئەوێ

# گەردنی کە س ئازاد ناکەم

## عمران خمبار

### دەستی خەزان

بە نە فرەت بێ دەستی خەزان
چۆن خەمی کرد بە میوانم
کەشتیووانی نوح هە ستاوە
بە فرمێسکی چاوەکانم

#          #          #

لە و ساتەوەی دەستی قەدەر
بەڵی بە سەرما کێشاوە
گریان بووە بە خەڵاتم
بە گەردنما هە ڵواسراوە

#          #          #

من نازانم بۆ لە ناکاو
عەشقت هێناوە کۆتایی
ئای بۆ مەرگێکی لە ناکاو
ڕزگارم کا لە تەنیایی

عمران خمبار

### هەستی پێنووس

پێنووسەکەم شەرم دەیگرێ
کاتێ لە ئاستت دێتە گۆ
چونکە هەرچیت بۆ بنووسێ
ناگا بە نیگایەکی تۆ

دەگری هاوار دەکا دەڵێ
توخوا هیچم پێ مەنووسە
خۆشەویستی کەسێکی وا
دەربڕینی بۆ من قورسە

دە من چیبکەم لە ئاستی تۆ
کەڕو لاڵە پێنووسەکەم
تەنها دەتوانێ بنووسی
تۆم خۆشەوێ هەناسەکەم

### ڕئیبازی عەشق

خۆزگە ببم بە دڵۆپێ
لەو بارانە کە دەبارێ
تابتکئیمە سەر ڕومەتت
بە گۆناتا بێمە خوارێ

تاکوو لەسەر گۆناکانت
بکێشم تابلۆیەک  لە ماچ
ئەرکات لەسەر لەپی دەستت
ئامادەم ڕۆح بدەم لە خاچ

لە شیلاوی لێوەکانت
من دەست نویژی عەشق دەشۆم
ئیتر بشمرم دئنێام
شەهیدی ڕێگای عەشقی تۆم

عمران خمبار

*omran_xember@yahoo.se*

